ئەنجومەنی باڵای دادوەری: لەماوەی مانگی ڕابردودا زیاتر لە پێنج هەزار حاڵەتی جیابونەوە تۆمارکرا



ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ڕایگەیاند، لەماوەی مانگی ڕابردودا زیاتر لە پێنج هەزار حاڵەتی جیابونەوە (تەڵاق) و 28 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق تۆمارکراون.

بەگوێرەی ئامارێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، لە سەرانسەری عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی مانگی (حوزەیران/6)، 28 هەزار و 222 گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمارکراون، هاوکات پێنج هەزار و 28 حاڵەتی جیابونەوەش لە دادگاکان پەسەندکراون.

هەر بەگوێرەی ئامارەکە، زۆرترین ڕێژەی جیابونەوە، لە بەشی ڕەسافەی بەغدا کە 804 حاڵەت بون تۆمارکراون و کەمتریش لە پارێزگای موسەننا بوە کە 90 حاڵەت بون، هەروەها زۆرترین ڕێژەی گرێبەستی هاوسەرگیریش بەهەمانشێوە لە بەشی ڕەسافەی بەغدا بوە کە چوار هەزار و 766 حاڵەت بون و کەمترینیش لە پارێزگای موسەننا بوە کە 813 گرێبەست تۆمارکراون.